# تەق تەق لە ڕەوتی شارستانیەتدا لە نێوان ساڵانی ١٩٩١ – ٢٠٠٣

قارەمان نادر محەمەد [١] كاكەخان نەسرەدین ئەمین[٢]

[١] بەشی مێژوو، فاكەڵتی پەروەردە، زانكۆی كۆیە، هەرێمی كوردستان، عێراق
[٢] بەشی خوێندنی ئاینی، فاكەڵتی پەروەردە، زانكۆی كۆیە، هەرێمی كوردستان، عێراق

---

**پوختە**

تەق تەق یەكێكە لە ناحیە دێرینەكانی باشوری كوردستان، كە مێژووي ئاوەدانی بۆ پتر لە چوار سەدە دەگەڕێتەوە، پێگەی جوگرافیای و هەڵكەوتەی شوێنەكەی كاریگەری لە سەر برەودان بە شارستانیەت و گەشەكردنی دانیشتوان و پێشكەوتنی ئاوەدانی هەبووە، بە تایبەتی كاریگەری زێی بچوك بۆتە هۆی پەرەسەندنی ئابوری و پەلكێش كردنی دانیشتوان بۆ ئەم دەڤەرە، بە تایبەتی لە قۆناغە مێژوویەكاندا كشتوكاڵ یەكێك لە سەرچاوە ژیاریە گرنگەكانی كۆمەڵگا بووە.
شوێنی جوگرافی كە دەكەوێتە نێوان شاری كەركوك و قەزای كۆیەوە و سەرەڕێی بازرگانی لە نێوان كەركوك و ڕانیە و لەوێوە بەرەو ڕۆژهەلآتی كوردستان، گرنگی زۆری بۆ پێگەی شارستانیەتی ئەم ناحیەیە دروست كردووە، هەر لە سەرەتایی سەردەمی پاشایەتیەوە بوژانەوەی شارستانیەت لەم ناحیەدا دەركەوتووە، قۆناغ بە قۆناغ برەو بە بوارە جیاوازەكانی شارستانیەت دراوە، بە تایبەت دوای شۆڕشی ١٤ي تەموز و دروست بوونی كۆماری نوێی عێراق، دوای ڕاپەرینی ١٩٩١ و دامەزراندنی حكومەتی هەرێم ئەم ناحیە لە ڕووی شارستانیەتەوە هەنگاوی بەرچاوی ناوە وەك دروست كردنی كارگەی خوری و كارگەی بەفرو كارگەی قیر و دروست بوونی ڕێكخراوی مەدەنی و بلآوكردنەوەی ڕۆژنامە و كۆڕوكۆبونەوەی جیاواز... هتد.
بۆیە دەكرێت ئەم توێژینەوەیە بكرێتە دەروازەیەك بۆ ناساندنی ئەم ناحیە بۆ خوێنەران و توێژەران، بە تایبەت ئەگەر ئاوڕێك لە سەرچاوەكان بدەینەوە دەبینین كە هیچ جۆرە توێژینەویەك لەو بوارەدا پێشكەش نەكراوە.

**كلیلە وشە:** نەوت، شارستانیەت، گەشەسەندن، كشتوكاڵ، گوند

## ABSTRACT

Taq Taq is one of the ancient sub-districts in southern Kurdistan. Its origin goes back to more than three centuries earlier. It's southern west is Erbil which is around 98 km far from it, its northern part is Koya district which is nearly 32km away from it, its southern part is Shwan sub-district which is nearly 17 km far from Kirkuk province, in its north western part nearly 55 km is Degala sub-district, wherease in its eastern part is Ashti sub-district which is 21 km far from it. This sub-district lies on the Lower Zab.
Due to its strategic and geographic location between Kirkuk and Koya, it was and it is still a trade route between Kirkuk and Rania from there to eastern part of Kurdistan. This has enhanced its civilization aspect since the time of monarchy in Iraq and it was a civilization revival for this small spot. Its civilization has been enhanced step by step especially after July 14th revolution and the formation of modern Iraq, and after the 1991 uprising and the establishment of Kurdistan regional government has made a huge impacts towards the civilization like creating factories of wool , ice, tar and many other factiories.

**Keywords:** Agriculture, Civilization, Development, Oil, Village

## 1. پێشەکی

هەڵکەوتەی جوگرافی، کاریگەری زۆری لە سەر دروست بوون و گەشەکردنی شارستانیەتی هەر شارو شارۆچکەیەك هەیە، کەم جار هەڵکەوتووە شارو شارۆچکەکانی کوردستان لە سەر ڕوبارەکان، یان شوێنە ستراتیژیەکان دروست کرا بێت، ڕەنگە ئەمەش پەیوەندی بە هۆکاری زەمەنی و کاریگەری ڕوداوەکانەوە هەبێت، دەرفەتیان بۆ هەڵنەکەوتووە لە گەڵ ژیاری مۆدێرنەدا گوزەر بکەن و شوێن و پێگەی شارستانیەتی خۆییان لە گەڵ ویستی ڕۆژگاردا بگونجێنن.

بەڵام شارۆچکەی تەق تەق هەڵێکی گونجاوی بۆ ڕێککەوتووە، کە پێگەی خۆی لە نێو شارستانیەت و گەشەکردنی ئابوری سەردەمدا بگونجێنێت، توانا کشتوکالی و برەدان بە کەرتی گەشتیاری بکاتە کاروانی پێشکەوتنی ژیاری مرۆڤایەتی. ناکرێت ژینگەی جوگرافی و پێکهاتەی تۆبۆگرافیا و ڕۆشنبیری تاکەکانەوە لە برەودان بەو بوارە فەرامۆش بکرێت، کارکردن لە پانتایانەدا پلانی تۆکمە و پشتگیری ئابوری گەرەکە، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە ئەو توانا مرۆیی و ئابوری و ڕۆشنبیریە بە دەر بخەین کە دەبنە بنەما بۆ گەشەکردنی شارستانیەت و پێشخستنی شارۆچکەکە.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە ئەم شارۆچکەیە دەرخەری ئەو ڕاستیەیە لە ماوەی تەنها دوانزدە ساڵدا شارۆچکەی تەق تەق لە گوندێکەوە بەرەو جۆرێك سیماکانی شارۆچکە هەنگاوی ناوە و خۆی لە شێوەی شارۆچکەیەکدا بینیوەتەوە. تەنانەت بەشێك لە ڕۆشنبرانی چەند ساڵێکە داواکارن یەکەی ئیداری تەق تەق لە ناحیەوە بکرێت بە قەزا، چونکە لایان وایە هەموو توخمێکی بە قەزا بوونی تێدایە فەراهەم کراوە.

ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی هەڵبژاردنی ناو نیشانی ئەم توێژینەوەیە، بریتین لە نەبوونی هیچ سەرچاوەیەکی زانستی و ئەکادیمی لە سەر مێژوو و پێشکەوتنە شارستانیەتیەکانی ئەم شارۆچکەیە و پشت گوێخستنی لە ناوەندە زانستی و ڕۆشنبیرییەکان، سەرەڕای کاریگەری پێگە جوگرافیا ئابوریەکەی و چڕی دانیشتوانەکەی. بە هیوای ئەم توێژینەوەیە دلۆپێك بێت لەو خزمەتەی کە پێشکەش بە مێژووی ئەم شارۆچکەیە و کتێبخانەی کوردی دەکرێت، پڕکەرەوەی دەلاقەیەك بێت بۆ ئایندەی نەوەکانمان.

ئامانجەکانی توێژینەوە: توێژینەوەکە هەوڵ دەدات، ڕاستگۆیانە باس لە مێژووی قۆناغەکانی ئاوەدانکردنەوەی ئەم شارۆچکەیە بکات، هەنگاوەکانی بە شارستانی بوون و چۆنیەت و چالاکیە ڕۆشنبیری و هونەریەکان دەرخات و گۆشەنیگایەك بێت بۆ برەودان و هاندانی ڕۆشنبیران و شارەزایان بۆ گرنگیدان بە پێشکەوتنی شارۆچکەکە، هەموان هان دەدات کە هاو ئاهەنگ و ڕێگەخۆشکەر بن بۆ بە شارستانیەت بوونی زیاتر و چالاکی ڕۆشنبیری و ئەکادیمی و هونەری زیاتر، بە ئاگاهێناوەی دەستەبژێرێك لە ڕۆشنبیرانی شارۆچکەکە بە مێژووی ڕوداو و کارە ژیاریەکانی ڕابردوو. توێژینەوەکە لەم تەوەرانەی خوارەوە پێك دێت: تەوەرەی یەکەم بە ناونیشانی شارۆچکەی تەق تەق بەر لە ساڵی ١٩٩١، لەم تەوەرەدا هەوڵدراوە باس لە لاپەرە مێژووییەکان و دیرۆکی شارستانیەتی شارۆچکەکە بکات، پێگەی جوگرافی و گەشەی دانیشتوان باسی لێوە کراوە. لە تەوەرەی دووەمیشدا بەناونیشانی بنەما ئابوریەکانی شارۆچکەی تەق تەق، کە باس لە توخمە ئابورییەکان وەك نەوت و کشتوکاڵ و گەشتیاری...کراوە، لە تەوەرەی سێیەمیشدا لایەنی ڕۆشنبیری و چالاکیە هونەریەکان شرۆڤە کراوە و چەند نمونەیەك وەك بەڵگەی چالاکیە هونەری و ڕۆشنبیریەکان پێشکەش کراوە، لە تەوەرەی چوارەمیشدا ڕۆڵی پارت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی خراوەتە ڕوو، هەوڵدراوە چالاکیەکانیان کە ڕۆڵی ئەرێنیان لە پێشکەوتنی شارستانیەتی شارۆچکەکەدا هەبوو بخرێتە ڕوو.

سەبارەت بە سەرچاوەکانی ئەم توێژینەوەیە، هەڵبەتە هەژارانەیە و سەرچاوەکان بە شێوەی گشتی دوورن لە کتێبی ئەکادیمی و بەڵگەنامەی زانستی، لە کاتێکدا بۆ ئامادەکردنی توێژینەوەیەکی زانستی بوونی ئەو جۆرە لە سەرچاوە بە گرنگ دەزانرێت، ئەمەش بە هۆی ئەوەی کەمترین سەرچاوەی زانستی لە سەر ئەم شارۆچکەیە نوسراونەتەوە و بەشی زۆری بەڵگەنامەکان لە ناو بران، چونکە ئەم شارۆچکەیە چەند جارێك سوتێنراوە، بۆ نمونە لە ١٩٨٧ کاتێك هێزی پێشمەرگە ئەم شارۆچکەیە دەگرن بەشی زۆری فەرمانگە حکومیەکان دەسوتێنن، جگە لەوە دوو ساڵ بەر لە ئێستا لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە جارێکی تر فەرمانگە حکومیەکانی شارۆچکەکە سوتێندران، ئەو سەرچاوانەی پەیدا بوون، کتێبی زێودەری ئاراس ئیلنجاغی یەکێکە لەو سەرچاوانەی سودی لێوەرگیراوە، هەڵبەتە ئاراس ئیلنجاغی یەکێکە لەو کەسانەی کە خزمەتی زۆری بە مێژوو شارستانیەتی شارۆچکەکە کردووەو هەوڵی داوە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانیشدا چەندین بابەت لە مێژووی شارستانیەت و ڕۆشنبیری شارۆچکەکە بلآو بکاتەوە. لە لایەکی ترەوە ڕۆژنامەی (تاك) کە زمانحالی شارۆچکەکە بووە و لە ٢٠٠٤ وە بۆ ماوەی ساڵێك چالاکیە جیاوازەکانی ئەم شارۆچکەیەی بلاو کردۆتەوە، خەرمانێکی زانیاری شارۆچکەکەیە و بۆ توێژینەوەکەی ئێمەش پڕ بایەخ بووە، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا سودی زۆرمان لێ بینیووە. هەروەها گۆڤاری (ڕاما) و بلآوکراوەی دکتۆر ڕەئوف تا ڕادەیەك تێنویەتی توێژینەوەکەییان شکاند.

لە کۆتایدا بەو هیوایەی کە توانیبێتمان خزمەتێك بە شارستانیەتی مرۆیی ئەم شارۆچکەیە بکەین و پەردە لە سەر چەندین زانیاری و چالاکیە جیاوازیەکانی لابدەین.

## 2. تەوەریەی یەکەم: شارۆچکەی تەق تەق بەر لە ساڵی ١٩٩١

### یەکەم: کورتەیەك لە مێژووی شارۆچکەی تەق تەق

ڕاستییەکی بەڵگەنەویستە کە بێ سەرنجدان و شیکردنەوەی ستراکتۆر و پەیکەری کۆمەڵگاکان و تێگەیشتن لە شێوازی ژیان و پەرەسەندنی مێژووییان، ئەستەمە بتوانین ئەنجامگیریی ورد و دروست سەبارەت بە دیاردە سیاسیی و فەرهەنگیی و کۆمەڵایەتییەکان بکەین و وێنایەکی ڕاستەقینە و واقیعیی ئەم کۆمەڵگایانە پێشانبدەین، دیارە کۆمەڵگای کوردییش وەك هەر کۆمەڵگایەکی دیکە لەم لۆژیکە بەدەر نییەو بۆ تێگەیشتن لە هەر دیاردەکی نێو ئەم کۆمەڵگایە پێویستە ریشە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان شیبکەینەوەو بۆچوونەکانی خۆمان لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانە بنیادبنێین. شارۆچکەی تەق تەق لە ڕووی نیشتەجێ بوونەوە مێژوویەکی دێرینی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی دووەمی پێش زاینی و سەردەمی حکومڕانی ئوری



Original Article | http://dx.doi.org/10.14500/krc2019.Gen335

سێیەم(٢١١٢-٢٠٠٤) پ.ز، ئەوکاتە ناوی بە تیکتخۆم هاتووە(جەلال، ٢٠٠٨: ٩٠)، ئەم بۆچوونە سەبارەت بە مێژووی کۆنی ئەم شارۆچکەیە جێگەی بایەخە، چونکە سەرچاوەکەی باسی لەم بابەتە کردووە لە بنەڕەتدا توێژینەوەیەکی زانستییە و جێگەی قبوڵ کردنە. ئەوەی جێگەی سەرنجە بەشێ زۆری قۆناغە مێژوویەکانی ئەم شارۆچکەیە ونن و لە سەرچاوەکاندا دەرنەکەوتوون، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، ڕەنگە کۆچ کردنی دانیشتوانی ئەم شارۆچکەیە بە هۆی کارەساتە سروشتیەکانەوە یان فشاری هێز و هێرشی هەمەجۆری سەربازی هێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکانەوە بووبێت، دواتر جارێکی تریش ئاوەدان کراوەتەوە.

لە لایەکی ترەوە شوێنەواری دێرینی ساتوقەلآ[1] کە ژیارێکە گرنگ و قوڵی ئاوەدانیە لە دەڤەرەکەدا دەکەوێتە (١١)کم لە بەری ڕۆژهەلاتی شارۆچکەی تەق تەقەوە، یەکێکە لەو شارستانیەتە کە تەمەنی بۆ سەدەی حەوتەمی پ.ز دەگەڕێتەوە، پاشماوەی زۆری مرۆڤایەتی تێدا دۆزراوەتەوە، لە ئێستاشدا کنەو پشکنین تێیدا بەردەوامە (ئیلنجاغی، ٢٠١٣: ١٠)، لەو سەروبەندەدا بۆ ماوەیەك لۆلۆییەکان لەم ناوچەیە فەرمانڕەواییان کردووە، هەرچەندە سەنتەری فەرمانڕەوای لۆلۆییەکان ناوچەکانی شارەزوور بووە، بەلآم پێکەی سەربازیان لە ناوچە جیاوازەکاندا بۆ پارێزگاری لە دەسەلآتەکەییان هەبووە و لەوە دەچێت ساتوقەلآ یەکێك لەو پێگە سەربازیانەیان بووبێت( تەیب، ٢٠٠٥: ١٤٤)، ئەمەش یەکێکە لەو بەڵگانەی کە مێژووی نیشتەجێ بوون و ژیاری مرۆڤایەتی لەم دەڤەرە بۆ سەردەمە دێرینەکان دەگێڕێتەوە.

لە سەردەمی دەسەلآتی دەوڵەتی عوسمانیشدا ئاوەدانی لەم شارۆچکەیدا هەبووە و یەکەم مزگەوتی لە ساڵی ١٨٠٤ تێدا دروست کراوە(بڕوانە پاشکۆی ژمارە٤)، بەلآم تا جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨)، لەوە ناچێت تەق تەق کاریگەری لە سەر ڕوداوەکان هەبوو بێت و بوبێتە جێگەی سەرنجی دەسەلاتدارانی سەردەم، لە دوای تەواو بوونی جەنگی جیهانی یەکەمی ١٩١٨، وەکو یەکەم ناحیەی قەزای کۆیە مافی بەڕێوبەرایەتی ناحیەی پێ بەخشراوە(ئیلنجاغی، ٢٠٠٥، ٧). هەرچەندە بوون بە ناحیەی ئەم شارۆچکەیە بەراورد بە قەزا بوونی کۆیە دواکەوتووە، چونکە تەمەنی بە قەزا بوونی کۆیە بۆ چەند سەدەیەك بە لە ناحیە بوونی شارۆچکەی تەق تەق دەگەڕێتەوە(باجگر، ٢٠١٨: ٢٢-٢٥)، قەزای کۆیە تا جەنگی جیهانی یەکەمی سەر بە سەنجەقی کەرکوك بووە، دواتر بۆ ماوەیەك(١٩١٨/١١/١٥-١٩١٩/٦/١٩) سەر بە سەنجەقی سلێمانی بووە(های، ١٩٩٧: ٤٠)، کە سەردەمی دەسەلاتدارێتی شێخ مەحمودی حەفید[2] بووە داواکاری ئۆتۆنۆمی گەیشتبووە لوتکە(اولسون، ١٩٩١: ٢٧٥؛ موریس، ٢٠١٢: ١٢)، بۆ ئەو مەبەستە هەوڵی فراوان خوازی دراوە، لە ساڵی 1923 جارێکی تر بە شاری کەرکوکەوە لکێنراوەتەوە( شارەزا، ١٩٩٧: ١١٣).

هەڵبەتە بە درێژای ماوەی سەد ساڵی ڕابردوو دانیشتوانی شارۆچکەیەی تەق تەق، چڕی دانیشتوانی لە سەنتەری شارۆچکەکەدا کەم بووە و لە لە سەرژمێری ١٩٥٧ تەنها (٣٠٠) کەسی تێدا نیشتەجێ بووە، بەلآم بە هۆی هەڵکەوتەی شوێنەکەی و زۆری گوندەکانیشەوە دەروبەریەوە و چڕی دانیشتوانی گوندەکانەوە کە لە سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ دا (١٤٥٠٠) کەس ئەژمار کراوە، کە بە سەر ٦٦ گونددا دابەش بوون بۆیە مافی بەڕێوبەرایەتی ناحیەی پێبەخشراوە (نەسرەدین، ٢٠٠٥: ٣). هەرچەندە لە ڕووی شارستانیەتەوە دواکەوتوو بووە و هیچ سیمایەکی شارستانیەتی نەبووە، هاوشێوەی گوندەکان خانوەکانییان لە گڵ دروست کرد بوو، کۆلانەکانیان هیچ دیزاینێکی شارستانیەتی پێوە دیار نەبووەو تەنگ و خوارخێچ، شەقامەکان گڵ بوون و هەرەمەکی و دوور لە پلانی شار پێکەوە نرا بوون، خانوەکان تاپۆییان نەبووە(ئیلنجاغی، ٢٠٠٩: ٧). هەڵبەتە مێژووی شارستانیەت و گەشەی ئاوەدانی لە باشووری کوردستاندا مێژویەکی قوڵی نیە، زۆرینەی شارو شارۆچکەکان چەند دەیەیەکە بەرەو شار بوون هەنگاوییان ناوە و سەردەمی گوند بونییان تێپەڕاندووە، بۆ نمونە ئەگەر بڕوانیتە گەشەی ئاوەدانی لە شاری هەولێر بەر لە یەك سەدە لە گوندێك چووە، بەلآم ئەمرۆ بۆتە ناوەندێکی گرنگی شارستانیەت و بازرگانی لە هەموو عێراق و دەوڵەتانی هەرێم.

قۆناغ بە قۆناغ گرنگی بەم شارۆچکەی تەق تەق دراوە و هەوڵدراوە گرنگی بە سیماکانی شارستانیەت لەم شارەدا گەشەی پێبدرێت، لە قۆناغی گوند بوون جیابکرێتەوە و پێداویستیەکانی شار بوونی تێدا بەرجەستە بکرێت، هەرچەندە ئەم گرنگی پێدانە لە سەر خۆو دواکەوتوو بووە، تەنانەت تا ساڵی ١٩٣٢ هیچ خوێندنگایەك لەم شارۆچکەیە بوونی نەبووە(ڕۆژنامەی یەکگرتوو، ٢٠٠٢: ٦).

پردی تەق تەق[3] کە جێگەی شانازی تەق تەقیەکانەو سیمایەکی دیاری شارستانیەت و سروشتێکی جوانی بە شارۆچکەکە بەخشیووە لە ساڵی ١٩٥٤-١٩٥٨، دروست کراوە، بۆتە پردی ڕایەڵەی پێکەوە گرێدانی شاری کەرکوك بە شارەکانی کۆیە و ڕانیە و قەلادزێ و لەوێشەوە بۆ ئێران، بۆتە سەرە ڕێی بازرگانی و ئاڵوگۆڕی کالآ لە نێوان ئەو شارانە (ئیلنجاغی، ٢٠٠٢: دوا لاپەرە). یەکێکی تر لە دیاردە شارستانیەتەکانی ئەم شارۆچکەیە کە لە ئێستادا ڕۆڵی گرنگی لە بوژانەوەی ژێرخانی ئابوری ولآتدا هەیە، ئەویش کێڵگەی نەوتی تەق تەق(شیواشۆك)ە کە لە ساڵی ١٩٤٤دا بۆ یەکەم جار کاری تێدا ئەنجامدراوە، دواتر بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ کاری تێدا بەردەوام بووە(ئیلنجاغی، ٢٠٠٦: ٣).

نەخۆشخانەی تەق تەقیش کە یەکێکە لە پێداویستیە گرنگەکانی شار لە ساڵی ١٩٥٠ دروست کراوە و لە نێو خانویەکی گڵی ئاسایدا بووە و تەنها یەك پزیشك بە ناوی فریاد مجید غفور هەبووە، لە ساڵی ١٩٦٠ بۆتە خاوەن خانوی کۆنکرێتی تایبەت بەخۆی، لە ساڵی ١٩٥٣ پۆستەو گەیاندنی بۆ هێنراوە و بۆتە خاوەن هێڵێکی شەش خەتی(ئیلنجاغی، ٢٠٠٥: ٧). شارۆچکەی تەق تەق تاکو ساڵی ١٩٦٩ کارەبای نەبووە، لەم ساڵەدا لە ڕێگەی مۆلیدەوە کارەبای بۆ دابین کراوە و لە ساڵی ١٩٨١دا کارەبای سەرەکی بۆ هاتووە، لە ساڵی ١٩٧٦دابەردی بناغەی فەرمانگەی ئاو دانراوە و لە ساڵی ١٩٧٧ پرۆژەکە تەواو بووە، لە پیشتردا لە بە سود وەرگرتن لە گوێدرێژ و تەنەکە و کوندە ئاوییان لە زێیی بچوکەوە گەیاندۆتە مالەکانیان(ئۆمەر، ٢٠١٨/١٢/٢٢)[4]. هەروەها لە ساڵی ١٩٧٩ کێلگەی پەلەوەری تەق تەق لە سەر ڕوبەری ٥١٠ کم٢ دروست کراوە(ئیلنجاغی، ٢٠٠٥: ٧)، کە یەکێك لە پرۆژە ستراتیژی و پڕ بایەخەکانی ولآت، توانی زۆرترین بەرهەم پێشکەش بە نێو خۆ و دەرەوە بکات و زۆرترین هەلی کاری بۆ دانیشتوانی ناوچەکە دابین کرد بوو(ئۆمەر، ٢٠١٨/١٢/٢٢).

بارودۆخی سیاسی و فشاری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا کاریگەری زۆری لە سەر ئەم شارۆچکەیە دروست کرد بوو، بەشێکی زۆری دانیشتوانی پیوەندییان بە شۆڕش و هێزی پێشمەرگەوە کرد، ئەمەش وایکرد حکومەتی عێراقی هەوڵی بچوککردنەوەی هەیکەلی ئیداری ئەم شارۆچەیە بدات و لە ١٩٨٦/١٠/٢٠لە بەڕێوبەرایەتی ناحیەوە کردیەوە بە گوندو ناوی نا (العزیزیة)، تاکو ١٩٩٥/٦/٢٠ بە پێی بڕیاری ژمارە ٤١٥/١/١ی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان جارێکی تر بەرێوبەرایەتی ناحیەی پێ بەخشرایەوە(ئیلنجاغی، ٢٠٠٠: ١٨).

**دووەم: ناوی شارۆچکەی تەق تەق**

ســـەبارەت بە ناوی تەق تەق هاوشـــێوەی ناوچەکانی تر بۆچوونی جیاواز هەیە و مێژوونوسان کۆك نین لە سەر ناوێکی دیاری کراو، دیارترین بۆچونەکان بریتین لە:

1) گوایە ئەسپ سوارێکی لێهاتوو بە توانا بەم ناوچەیەدا تێپەڕیووە، دەنگی ناڵچەی ئەسپە تەقەتەقی زۆری پەیدا کردووە(ئەمین و جەلال، ٢٠٠٧: ٥٦)، گوایە ئەم ناوە بۆ ئەو ڕوداوە دەگەڕێتەوە، هەرچەندە بەشی باشـــوری شـــارۆچکەکە بەردەلان بووە و تاکو ئێســـتاش بە بەســـتەکە ناسراوە، بەڵام ئەم بۆچوونە بە لاوازە دەزانین و لە شێوەی ئەفسانەیەك.

2) گوایە کاتێك لافاو هاتووە و بەشـێکی لەم گوندە ڕامالیووە، ژنێك بە ناوی حەلیمە دەلێت ئای لە بەر ئەو لافاوە چی پێ کردین تەقەتەقی بەرد کاسی کردین، ناوی تەق تەق گوایە لەو تەقە تەقی بەردانەی لافاوەکەوە هاتووە(ئیلنجاغی، ٢٠٠٥: ٧). ئەمەش بە لاواز دەزانین.

3) گوایە ئەم شـارۆچکەیە خەڵکی کەمی تێدا بووە و تاك تاك ماڵی تێدا نیشـتەجێ بووە(ئۆمەر، ٢٠١٨/١٢/٢٢)، ڕەنگە ئەم بۆچوونە جێگەی هەڵوەســـتە لە سەر کردن بێت، چونکە ئامارەکانی سەرژمێری دەری دەخەن، کە بەر لە سەد ســاڵ ئەم شــارۆچکەیە تەنها چەند ماڵێکی تێدا بووە، ژمارەی دانیشــتوانەکەی زۆر کەم بووە، وەکو لە ئاماری ١٩٥٧ بە (٣٠٠) کەس ئەژمار کراوە، ئەگەر بۆ هەر خانەوادەیەك (5) ئەندامی خێزان دابنێین،ئەوا تەنهـا (٦٠) ماڵی تێدا بووە. بۆیە دەکرێت بە بۆچونێکی لۆژیکی دابنرێت.

4) گوایە ناوی تەق تەق بۆ بەریەککەوتنی بەردەکانی دەگەڕێتەوە کاتێـك بە نێویـدا تێپەڕ دەبیـت(بابان، ١٩٨٩: ٥٩، ئەمین و جەلال، ٢٠٠٧: ٥٦)، ئەم بۆچونەش جێگەی قبوڵ کردنە، چونکە تێکرای ماڵەکانی ئەم شـــارۆچکەیە لە نزیك ڕوباری زێی بچوك دروســـت کرا بوون، ئەوەی جیای کردبونەوە تەنها بەســـتەکە بووە، کە ناوچەیەکی بەردەلانی بووە و هەمیشە سەرەڕێی گەیشتن بە ڕوبارەکە بووە، تا ساڵی ١٩٧٧ پڕۆژەی ئاوی نەبووە و سود لەئاوی ڕوبارەکە وەرگیراوە.

هەلبەتە مێژووی ئاوەدانی و ناوی تەق تەق وەك گوندێك گۆڕانکاری بە ســـەردا هاتووە، ســەرەتا لە چەند کیلۆمەترێك لە دووری ئەم ناوچەیەی ئێســتا بووە بە ناوی گوندی کوچك نەخشینە، دواتر بۆ گوندی کەلەکچین گواستویانەتەوە، لە دوا جاردا لە پێش سێ سەدە هاتونەتە ئەم ناوچەیەی کە بە تەق تەق ناسراوە(ئیلنجاغی، ٢٠١٤: ١٥).

**سێیەم: جوگرافیای شارۆچکەی تەق تەق**

لێکۆڵینەوە لە پێگە و ڕوبەری هەر ناوچەیەك بایەخێکی زۆری هەیە، چونکە دەروازەیەکە بۆ دەرکەوتنی خەســـڵەتە ســـەرەکیەکانی ناوچەکە، لەم ســـۆنگەیەوە هەوڵدەدەین لێکۆڵینەوە لە هەر یەکە لە پێگەی جوگرافی و ڕوبەری شـارۆچکەی تەق تەق بکەین.

1. **پێگەی جوگرافی:** شـــارۆچکەی تەق تەق لە ســـەر کەناری زێی بچوك لە تەنگەبەرێکدا کە بە شـاخی قەلان ناسراوە دروسـت کراوە(شـێخ شـەرەف، ٢٠٠٥: ٤). ڕەنگە هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم شوێنە بگەڕێتەوە بۆ خۆپاراستن لە ئاوی ڕوبارەکەو جۆرێك لە خۆ شـــاردنەوەش بووە لە هێرشی هەر دوژمنێك کە هێرش بکاتە سەریان. بەشی باشوری ئەم شارۆچکەیە ناحیەی شوانی سەر بە پارێزگای کەرکوکە لە دووری (٢٧)کم و لە بەشی باکوریدا قەزای کۆییە لە دووری (٢٣)کم و بەشی ڕۆژهەڵاتی ناحیەی ئاشتیە لە دووری (٢٥)کم و بەشی ڕۆژئاوای شـاری هەولێرە لە دووری (٩٨)کم و ناحیەی سـێگردکان لە دووری (١٧)کم لە بەشی ڕۆژئاوایدایە(بلاّوکراوەی تەق تەق، ٢٠٠١: ٢).

2. **پێگەی ئەسترۆنۆمی(گەردونی):** دیاری کردنی پێگەی گەردونی شارۆچکەی تەق تەق بایەخی هەیە، چونکە لەو ڕێگایەوە دەکرێت خەســـڵەتە ســـەرەکیەکانی شـارسـتانیەت بدۆزینەوە و ڕادەی ئاو هەوا و کاریگەری ژینگە دیاری بکەین، ناوچەی لێکۆڵینەوەکە دەکەوێتە هێڵی درێژی ٤٤-٤٥ پلەی ڕۆژهەڵات و بازنەی پانی ٣٥-٣٦ پلەی باکوری نیوە گۆی زەوی، بەرزترین شـــوێنی ٨١٠ مەتر لە ئاســـتی دەریاوە و نزمترین شـــوێنی ٣٥٠ مەتر لە ئاســـتی دەریاوە بەرزە(ئەمین و جەلال، ٢٠٠٧: ٥٦، ئیلنجاغی ، ٢٠١٤: ١٨).

3. **ڕوبەری شارۆچکەی تەق تەق:** ڕوبەری شارۆچکەی تەق تەق لە ماوەی توێژینەوەکەماندا گۆڕانکاری زۆری بە ســـەردا هاتووە، ئەمەش بە هۆی جیابونەوە و دروسـت بوونی سێ ناحیەی نوێ لە هەناوی ناحیەی تەق تەق، ئەوانەش ناحیەی دێگەڵە لە ســاڵی ١٩٧٧ و ناحیەی ئاشـــتی لە سـاڵی ١٩٩٩ و ناحیەی سـێگردکان لە سـاڵی ٢٠٠٥ بوون، هەر یەکە لەم ناحییانە ژمارەیەك گوندییان لە ناحیەی تەق تەق داتاشی، ناحیەی ئاشتی (٢٠) گوند و ناحیەی سێگردکان(٩) گوند، بە ـروبەری ١٩٨کم چوار گۆشە(ئیلنجاغی، ٢٠١٤: ١٥).

ڕوبەری شـــارۆچکەی تەق تەق نزیکەی (٣٠٠)کم چوار گۆشـــەیە و (٢١) کەرتی کشـــتوکالیە و (٢٣) گوندی بە ســـەرەوەیە، بەر لەوەی ناحیەی دێگەڵە جیا بێتە لە سـاڵی ١٩٧٧ ڕوبەری ئەم شـارۆچکەیە ١٠٧٣کم چوار گۆشـە بووە، پاشـان تەنها (٧٠٠) کم چوار گۆشە مایەوە، لە ساڵی ١٩٩٩ بە هۆی جیابونەوەی ناحیەی ئاشتی بە گوندەکانیەوە (٢٠٠) کم چوارگۆشـە لە ڕوبەری ئەم شـارۆچکەیە کەمی کرد و تەنها (٥٠٠) کم چوار گۆشـە مایەوە، لە سـاڵی کە ٢٠٠٥ ناحیەی سـێگردکان دروسـت بوو بە گونـدەکانیەوە ئەویش نزیکەی (٢٠٠)کم چوارگۆشـــەی لە گەڵ خۆیـدا برد(ئیلنجاغی، ٢٠١٤: ١٥؛ بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٣).

پێکهاتەی شـــارۆچکەی تەق تەق بە پێی ئاماری شـــارەوانی ســـاڵی ٢٠١٤ بەم شێوەیەی خوارەوەیە[5]:

لە شەش گەرەك پێك هاتووە:

1. گەڕەکی ڕزگاری(٦٨٨) ماڵ
2. گەرەکی ئاشتی (٩١٠) ماڵ
3. گەرەکی گۆڕقەرەج (٨٢٤)ماڵ
4. گەرەکی ڕوناکی (٤٩٧)ماڵ
5. گەرەکی شەهیدان (٥٠١) ماڵ
6. گەرەکی سەربەستی (٨٧٠) ماڵ (بلاّوکراوەی تەق تەق، ٢٠٠١، ١).

**چوارەم: دانیشتوانی شارۆچکەی تەق تەق**

بەپێی ئاماری ساڵی ١٩٥٧ کۆی دانیشـوانی شـارۆچکەی تەق تەق ١٤٥٠٠ کەس بووە، بە کۆی گوندەکانیەوە، لە ســـاڵی ١٩٧٧ ئەم ڕێژەیە بەرز بۆتەوە بۆ ١٥٥٦٧ کەس، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٧دا ئەم ڕێژەیە دابەزیووە بۆ ١١٠٠٠ کەس، ئەمەش بە هۆی ئەو فشـارە زۆرەی لە لایەن حکومەتی عێراقەوە کرابووە سـەر گوندنشـینەکان و بەشـێکی زۆری گوند نشـینەکان بۆ شـارەکان کۆچیان کرد، جگە لەوەی بە هۆی زاڵ

بوونی هێزی پێشـمەرگە لە گوندەکانی ئەم شـارۆچکەیە نەتوانراوە وەکو پێویسـت لە گوندەکاندا سـەرژمێری ئەنجام بدرێت، لە سـەرژمێری سـاڵی ١٩٩٢دا ڕێژەی دانیشـتوان ڕووله بەرز بونەوە دەکات و دەبێتە ١٢٢٣٠ کەس، بو پێی سـەرژمێری یونیسـێف کە لە سـاڵی ٢٠٠١ دا ئەنجامی داوە دانیشـتوانی شـارۆچکەکە بۆتە ٢٤٢٥٤ کەس(ئەمین و جەلال، ٢٠٠٧: ٥٩؛ ئیلنجاغی، ٢٠٠١: ٧؛ بروانەپاشکۆی ژمارە(١).

### 3. تەوەرەی دووەم: ئابوری وەکو توخمێکی شارستانیەت

#### یەکەم: کشتوکاڵی شارۆچکەی تەق تەق و شارستانیەت

کشـتوکاڵ کۆڵەکەی ئابوریە و گەورەترین کەرتە کە مرۆڤایەتی بۆ بژێوی ژیانی پشـتی پێبەسـتووە(فیلد، ٢٠١٢: ٣٧-٣٨؛ غفور، ٢٠٠٦: ٢٩٥-٢٩٦). شـارۆچکەی تەق تەقیش بە شێوەیەکی گشتی پێکهاتەیەکی جوتیاریە و کۆڵەکەی ئابوریەکەی بریتیە لە کشتوکاڵ کردن(یەعقوب، ٢٠٠٨: ٧)، ئەمەش پەیوەندی بە هەڵکەوتەی جوگرافی شـوێنەکەیەوە هەیە، کەوتۆتە کەنار زێی بچوك، سـەرچاوەی ئاوی نایابی بۆ زەویە بە پیتەکانی ئەم شـارۆچکەیە پەیـدا کردووە،(باجەلان، ٢٠٠٦: ٥)، جگە لەوەی تۆپۆگرافیـای خـاکەکەی ئەم دەڤەرە کە شـیـاوی کشـتوکال کردن بووە نزیکەی (٤٤٩٣٦)دۆنم زەوییە، کە بە زەوی بەراو(واتە بەر ئاو، یان نزیك لە ئاو) ناسراوە، کە بەرهەمە هاوینی وزسـتانیەکاندا تێدا دەڕوێت، وەك تەماتە و بامیە و خەیار و شوتی و توتن و کاڵەك و هەنجیر و هەنار و ترێ...هەروەها بەرهەمە زستانیەکان وەك تـورو سـڵق و کاهـو و بـروکلی و قەرنابـیـت و کەلەم...(کانی لەلەی، ٢٠١٨/١٢/٢٥)[6].

هەرچەندە لە دەڤەرێکی کشـتوکاڵی و لە نێو جوتیاراندا پێشـکەوتنی شـارسـتانیەت سەختە، چونکە زۆرینەی کاتەکان هاولآتیان سەرقاڵن بە کارو کرداری زەوی کێلانەوە، وەکو پێویسـت ناتوانن ئاگاداری پێشکەوتنە شـارستانی و ڕەوتی ڕۆشـنبیریەکان بن، بۆیە گەشـە کردنی شـارسـتانیەت لە نێو ئەو کایە جوتیاریەدا تا ڕادەیەك سـەختە، بە تایبەتی لەو ماوەیەی کە توێژینەوەکەی تێدا ئەنجام دراوە(١٩٩١-٢٠٠٣)، تێیدا کوردسـتانی باشـور لە دوای ڕاپەرینی سـاڵی ١٩٩١ وە بە بارودۆخێکی ئابوری سـەختدا تێپەڕ بووە، دوو جۆر لە ئابڵوقەی ئابوری خرابووە سـەر هاولآتیانی، یەکەمیان ئەو ئابڵوقە ئابوریەی کە نێودەوڵەتی خرابووە سـەر عێراق، کە کاریگەری لە سـەر هەرێمی کوردسـتانیش وەکو بەشـێکی عێراق هەبوو، چونکە وەکو قەوارەیەکی سـەربەخۆ مامەڵەی لە گەڵدا نەدەکرا، دووەمیان ئەو ئابلوقە ئابوریەی کە لە لایەن حکومەتی عێراقەوە خرابووە سەر هەرێمی کوردستان، کە ڕێگەییان نەدەدا خۆراك و پۆشـاك و کەل و پەلەکانی تر وەکو پێویسـت بگەنە شـارەکانی هەرێمی کوردسـتان، ئەمەش بارودۆخێکی خراپی ئابوری دروست کرد بوو، دانیشوانی هەرێمی کوردستان بە گشـتی و شـارۆچکەی تەق تەق نەدەپەرژانە سـەر گرنگیدان بە پەروەردەی نەوەکانییـان، تەنانەت زۆرینەی خـانەوادەکان نەیانەتوانی منـداڵەکانیـان بنێرنە بەر خوێندن،زیاتر بە ئاژەڵداری و کشـتوکاڵەوە سەرقاڵ بوون، زۆرینەی گەڕەکەکان ڕانە مەڕ و مانگای تێدا بەخێو دەکرا، ئێواران هاوشـێوەی گوندەکان ڕانەمەڕ و مانگاکان دەگەڕانەوە بۆ نێو شارۆچکەکە(یاسین، ٢٠١٨/١٢/٢٦)[7].

بڕیاری ٩٨٦ی ئەنجومەنی ئاسایشی- نێو دەوڵەتی لە ١٤ی نیسانی ١٩٩٥ تایبەت بە نەوت بەرامبەر بە خۆراك(اشـبونيك، ٢٠١٩: موقع انترنيت)، بوژانەوەیەی ئابوری لە عێراق بە گشـتی و کوردسـتان بە تایبەتی دروسـت کرد و هەناسـەیەکی دایەوە بە دانیشـتوانی هەرێمەکە(ڕۆژنامەی یەکگرتوو، ٢٠٠٢، ٦)، بووە سـەرەتایەك بۆ دەرکەوتنی شـارسـتانیەت، چونکە پەیوەندی ڕاسـتەخۆ لە نێوان شـارسـتانیەت و بوژانەوە و پێشکەوتنی ئابوریدا هەیە، ئەستەمە لە هەرێم و ناوەچەیەکی هەژار نشین چاوەڕوانی پێشـکەوتنی شـارسـتانیەت بکەین، چونکە لە بارودۆخێکدا کە مرۆڤ دوچاری برسـێتی بونەتەوە ناپەرژێتە سـەر بیرکردنەوە لە پێشـکەوتن و خزمەتکردنی سـیاکانی شـار. بەڵآم دوای ئەوەی بڕیاری نەوت بەرامبەر بە خۆراك دەرچوو، کاریگەری کردە سەر پێشکەوتنی کەرتی کشتوکاڵ و بوژانەوە و گرنگی پێدانی بۆ نمونە تەنها لە ٢٠٠١ و ٢٠٠٢ زیاتر لە ١١٤٩٧ دۆنم گەنم و جۆ چێندراوە( سـعيد، ٢٠٠٨، ١١٨)، بۆ ئەو مەبەسـتە عەلوەی فرۆشتنی سەوزەو میوە دروست کراو بایەخ بە ڕێنمای و پاراسـتنی کشـتوکاڵی و چاککردنی لقی کشـتوکاڵی تەق تەق درا، ڕێکخراوی فاو[8] ڕۆڵی دیاری لەم بوارەدا بینی[9] (ئۆمەر، ٢٠١٨/١٢/٢٢).

#### دووەم: نەوت و ڕۆڵی لە شارستانیەتی شارۆچکەی تەق تەقدا

هەرچەندە لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا نەوت کاریگەری زۆری لە سـەر پێشـکەوتنی ڕەوتی شارستانیەت هەیە و بەڕونی ڕۆڵی لە سەر پێشخستنی ئەو کەرتەدا دەبێت، بەڵآم لە شارۆچکە تەق تەقدا تاکو ئێستا وەکو پێویست کاریگەری نەبووە لە سەر بوژانەوەی ژێرخانی ئابوری و دروسـت بوونی ژیاری مرۆڤایەتی لەم دەڤەرەدا نەبووە، هەرچەندە خـاوەنی کێڵگەی نەوتە لە دووری تەنهـا (١٥) کم لە بەشی باکوری ڕۆژئـاواوە و بەرهەمەکانی خزمەتێکی زۆری بە پێشکەوتنی ئابوری هەرێمی کوردستان کردووە.

پرۆژەی نەوتی تەق تەق کە یەکێکە لە توخمە گرنگەکانی شارستانیەتی ئەم شارۆچکەیە و چەندین ناوی جیاواز لە پرۆژەکە نراوە، بۆیەکەم جار لە سـاڵی ١٩٤٤ لە لایەن کۆمپانیا بەریتانی و فەرەنسـیەکانەوە بە شـێوەی پچڕ پچڕ کاری تێدا کراوە، چەندین جار کارکردن لەم کێڵگەیەدا وەسـتاوە وەك سـاڵەکانی ١٩٥٨ و ١٩٦١ و ١٩٨٠ و ١٩٩٧(ئیلنجاغی، ٢٠٠١، ٦). لە سـاڵی ١٩٧١ ئەم پرۆژەیە چەندین ناوی جیاوازی هەبووە سـەرەتا ناوی پرۆژەی نەوتی کەیوان بووە و دواتر ناوەکەی بۆ پرۆژەی نەوتی بێژنـگ بەرسـەر گۆڕاوە، حکومەتی هەرێمیش لە بەرواری ١٩٩٣/٨/٥وە لە ڕێگەی کۆمیتەی باڵای پرۆژە تایبەتیەکانی کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردسـتانەوە دەسـتی بە کارکردن لەو کێڵگانە کردووە، بە ڕوبەری درێژی (٢٩)کم و پانی(١٢)کم، لە ساڵی ١٩٩٤ ناوی پرۆژەی گۆڕیووە بۆ پرۆژەی نەوتی شـیواشـۆك(ئیلنجاغی، ٢٠٠٦: ٣)، دواتر بووە بە پرۆژەی نەوتی تەق تەق، کە لە چەنـدین بیرە نەوتێـك پێـك دێت، دیارترینیـان چوار جوتیـار و گەرماوە لە زەویەکانی گوندی ئیلنجاغی گەورەو سـەر بە ناحیەی تەق تەق و هەرفتە لە نێو زەویەکانی ئیلنجـاغی بچوك، سـەیـد فوری لە نیو زەویەکانی داربەسـەری بچوکدان(ئیلنجاغی،٢٠٠١: ٦).

سـەرەڕای ئەوەی کە کێڵگە نەوتی شـیواشـۆك بەو قەبارەیەك کە لە نێو خاکی شـارۆچکەدایە، نەیتوانیوە کاریگەری ئەوتۆ لە پێشـکەوتنی شـارسـتانیەتی شـارەکە دابنێت، بەڵآم لە ڕووی دۆزینەوەی هەلی کار بۆ هاوـلاتیانی دەڤەرەکە خزمەتێکی زۆری کـردووە، چ وەکـو پـۆلـیسیـ پـاسـەوانی، یان کـرێـکار یاخـود فەرمانبەر...(یاسین،٢٠١٨/١٢/٢٥).

#### سێیەم: کێلگەی پەلەوەری تەق تەق و شارستانیەت

ئەم کێڵگەیە یەکێکە لە کێڵگە مەزن و ستراتیجەکانی عێراق، کە کاریگەری گرنگی لە سەر بوژانەوەی ئابوری دەڤەری شارۆچکەی تەق تەق هەبووە و خزمەتێکی زۆری بە هاولآتیان کردووە، ئەم پرۆژەیە کە بە پرۆژەی نەوتی ڕاوگەش ناسراوە لە ڕۆژئاوای شارۆچکە تەق تەق لە دووری نزیکەی ١٠کم لە سەر ڕوبەری (٥١٠)کم چوارگۆشە و زەوی (٢١) جوتیار لە ساڵی ١٩٧٦ لە لایەن کۆمپانیای بیك وتچمانی فلیپینی و پۆلەندیەوە دروست کراوە(فەتح الله، ٢٠٠٥، ٤)، یەکەم وەجبەی مریشکی لە ساڵی ١٩٨٣ دا پەروەردە کراوە، دواتر لە لایەن کۆمەڵەی فوراتی هەرەوەزیەوە کڕدراوە، لە ساڵی ٢٠٠٢ زیارتر لە ١٠٠٠٠٠ هەزار مریشکی تێدا پەروەردە دەکرا، زۆر جار سود لە هێلکەی مریشکەکان وەردەگیرا(کانی لەلەی، ٢٠١٨). ئەم پرۆژەیەش کاریگەری پتەوی لە سەر بژێوی دانیشتوانی ناوچەکە دانابوو، پاشەڕۆی مریشکەکانیش وەك پەینی کشتوکاڵ لێ سودی زۆری وەردەگیرا(چاوشین،١٢/٢٦/ ٢٠١٨)[10].

## چوارەم: گەشتیاری وەك توخمێکی شارستانیەت

گەشتیاری یەکێك لە بنەما گرنگەکان ئابوریە و دەتوانرێت وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکی پشتی پێ ببەسترێت، ئەمرۆ لە جیهان بە گشتی ئەم کەرتە جێگەی بایەخ پێدانە و بە خێرایی بەرەو پێشەوە دەبرێت، توخمێکی دیارو سیمایەکی درەوشاوەی شارستانیەتە.

هەڵکەوتەی شارۆچکەی تەق تەق بۆ بوژانەوەی گەشتیاری پێگەیەکی گرنگی هەیە، چ بە هۆی ڕوباری زێی بچوك یان بە هۆی زۆری گردۆڵکە و پێکهاتە جیۆلۆجیەکەی و هەوا سازگارەکەی بێت(ئۆمەر، ٢٠٠٥، ٢١)، هەرچەندە بە هۆی خراپی بارودۆخی ئابوری لە نێوان سالآنی (١٩٩١-٢٠٠٣) نەتوانراوە سود لەم کەرتە گرنگە وەکو پێویست وەربگیرێت، لە کاتێکدا پردی تەق تەق سیمایەکی شارستانیەتی جوانی بە شارۆچکە کە بەخشیوە و جێگەی سەرنجی گەشتیاران بووە، بەلآم لە دوای سالآنی ٢٠٠٠ ەوە بژێوی دانیشتوانی دەڤەرە باشتر بوو، گرنگی بە بواری گەشتیاری زیاتر بوو، لە ئێستادا دەیان پارك و یاریگای کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی دروست کراون و سالآنە بە هەزاران گەشتیار ڕوو لەم شارۆچکەیە دەکەن(چاوشین،١٢/٢٦/ ٢٠١٨).

هەروەها چەندین بواری تر هەن کە دەکرێت جێگە سەرنجی گەشتیاران بن و ببنە فاکتەرێك بۆ بوژانەوەی ئابوری دەڤەرەکە، وەك بوونی شوێنە ئاینیە دێرینەکان لە مزگەوتی کۆنی تەق تەق کە لە ساڵی ١٨٠٤ دروست کراوە(بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٨)) و مەرقەدەکان وەك مەرقەدی ئۆمەرمەندان کە لە دوور (١٥)کم دەکەوێتە باشوری شارۆچکەکەوە، و پاشماوە شوێنەواریەکان وەك شوێنەواری ساتوقەلآ کە لە مێژویەکی دێرینی هەیە و بۆ سەدەی حەوتەمی پێش زاین دەگەڕێتەوە(ئیلنجاغی، ٢٠٠٩: ٨؛ کانی لەلەی : ٢٠١٨).

## پێنجەم: بازاڕو چالاکیەکانی تر

بازار یەکێکە لە سیما دیارەکانی شارستانیەت و سەرچاوەیەکی گرنگی ئابوریە و بژێوی ڕۆژانەی هاولآتیان دابین دەکات، پێشکەوتن و گەشەکردنی بازاریش بەندە بە قەبارە و چڕی دانیشتوانی شارەوە، تا چڕیەکەی زیاتر بێت بازارەکە درەشاوەتر و بە گوڕ تر دەبێت(کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ، ١٩٩٨: ٢٠٩). بازار شوێنێکە کە کەلو پەل و پێداویستەکانی مرۆڤی تێدا دابین کراوە، ئاستی ئەو مامەڵەیەش بەندە بە وشیاری مرۆڤەکانەوە، تا بتوانن سەرنجی کڕیارەکانییان ڕاکێشن و بازاریان گەرمتر و دوکانەکانیان ڕازاوەتر بکەن، ئەمەش شارستانیەت بە شارو شارۆچکەکان دەبەخشێت و دەبێتە هۆی ئەوەی خواستی زیاتری لە سەر بێت، شارۆچکەی تەق تەق دوکانی هەمەجۆری بازرگانی تێدایە، بە پێي ئاماری شارەوانی لە ٢٠٠٥دا (٣٦) دوکانی جوانکاری و (٢٠) دوکانی سەوزە و میوە فرۆشتن و (١١) ساردەمەنی و (١١) سەرتاشخانە و (٧) ئارایشگای ژنان و (٤) پینەدۆز و (١٢) دەرمانخانە و (٢) دەرمانخانەی ئاژەلآن...جگە لەوەی چەندین جۆرە پیشەوەری لەم شارۆچکەیەدا ئەنجام دراوە، وەك دروست کردنی لباد و کلاوی خوری و کورتانی گوێدرێژ و لیفکە و مەشکە و کورەی هەنگ...(چاوشین،١٢/٢٦/ ٢٠١٨).

جگە لەوە بازار ڕاوەماسی و پەروەردە کردنی یەکێکی ترە لە بنەما ئابوریەکانی شارۆچکەی تەق تەق، بە پێی ئاماری ساڵی ٢٠١٤ (٧٤) پرۆژەی حەوزی ماسی لە سنوری شارۆچکەی تەق تەقدا بوونی هەیە و ماسی بۆ زۆرینەی شار و شارۆچکەکان دابین دەکات، هەروەها (٩٤) پرۆژەی پەلەوەری پەروەردە کردنی مریشك لەم شارۆچکەیەدا بوونی هەیە، ئەمیش ڕۆڵی دیاری لە بوژانەوەی ئابوری دەڤەرەکە هەیە(یاسین، ٢٠١٨/١٢/٢٥).

لە ڕاستیدا لە دوای ساڵی ٢٠٠٠وە چەند هەنگاوێك نراوە بۆ بەرەو پێشچون و پەرەپێدانی سیماکانی شارستانیەت لە شارۆچکەدا لەوانە:

**یەکەم:** دانانی نەخشەی بنەڕەتی شارۆچکەکە و تۆمار کردنەوەی نوێي دانیشتوان و گەڕەکەکان لە ٢٠٠٠/١٢/٣٠دا.

**دووەم:** بە پێي نوسراوی بەرێوبەرایەتی دیوانی وەزارەتی شارەوانی ژماری ١٠٥٣٢ لە ٢٠٠٢/٦/٢٩ پلەی شارەوانی تەق تەق لە پلە سێ وە بۆ پلە دوو بەرز کراوەتەوە، ئەمەش هاوکار دەبێت بۆ ئەوەی سیمای شارستانیەتی زیاتر بە شارە ببەخشێ و خزمەتی زیاتر بکرێت.

**سێیەم:** بڕیاری تاپۆکردنی خانوەکانی شارۆچکەکە بە پێي بڕیاری ژمارە (١٢١) ئیدارەی سلێمانی لە ساڵی ١٩٩٨ و ژمارە (٢٤١) ئیدارەی سلێمانی لە ساڵی ١٩٩٩، لەم بوارەدا کە دەتوانرێت شار ڕێکبخرێتەوە شارستانیەتی تێدا بەرجەستە بکرێت کاری گرنگ ئەنجامدراوە(ئیلنجاغی، ٢٠١٤: ٢٢-٢٣). چەندین بیناو باڵەخانە بە دیزاینی نوێ لە لایەن حکومەت و ڕێکخراوە خێرخوازیەکانەوە دروست کران، وەك دروست کردنی چەندین خوێندنگا و کۆنکرێتی کۆلآنەکان و قیرتاوی شەقامەکان. (بڕوانی پاشکۆی ژمارە (٢).

## 4. تەوەرەی سێیەم: لایەنی ڕۆشنبیری و هونەری و ڕۆڵی لە پێشکەوتنی شارستانیەتدا

شارۆچکەی تەق تەق لە نێو ژینگەیەکی هۆزگەریدا گەشەی کردووە و زۆرینەی دانیشتوانەکەی لە گوندەکانی دەورو بەریەوە بۆ نێو ئەم شارۆچکەیە کۆچییان کردووە، دەقاو دەق کەلتوری هۆزگەری و عەشایەرییان بۆ نێو شارۆچکەکە گواستۆتەوە، تەنانەت لە دوای ڕاپەرینی ئازاری ١٩٩١ وە، کەلتوری چەکداری بە شێوەیەکی ڕەها باڵی بە سەر شارۆچکەدا کێشا بوو، ڕەنگدانەوە وکاریگەری لە سەر زۆرینەی دانیشتوانی دەڤەرەکە هەبوو، لە هەڵگرتنی چەکەوە تا لە بەرکردنی جل و بەرگی سەربازی، زۆرینەی پیاوانی ئەم شارۆچکەیە قەمسەڵەی سەربازیان دەپۆشی و چەکیان لە شان دەکرد و کێشە و ئاڵۆزییان دروست دەکرد، بارەگا سەربازییەکان لە نێو شارەکاندا بوو، زۆرینەی پارتەکان خاوەن هێزی چەکداری تایبەت بە خۆییان بوون(چۆم حیدری،12/30/ ٢٠١٨)[11]، هەر بەپرسێکی سەربازی خۆی بە

خاوەن شارۆچکە دەزانی و هیچ جۆرە خوێندنەوەیەکی بۆ یاسا و هێزە چەکدارەکانی تر نەدەکرد، دەسەلآتداریێتی حکومەت و بەرێوەبردن و پاراستنی ئاسایش لە لایەن ئەو هێزە چەکدارانەوە دابین دەکرا، بنکەی پۆلیسی- تەق تەق تەنها هەشت پۆلیسی- هەبووە(ئۆمەر، ٢٠١٨/١٢/٢٢)، لە کاتێدا پۆلیس ئەرکی پاراستن و پارێزگاری کردنی ئاسایشی- شارە. ململانێی چینەکان لە شارۆچکەدا هەبوو، زۆرجاریش بەریەککەوتن لە نێوان چینەکاندا ڕوی دەدا، بە تایبەتی لە نێوان ئاغاو جوتیارەکاندا، کە مێژوویەکی قوڵی ململانێیان هەبووە، ئەم ململانێیەنانەیان لە گوندەکانیانەوە بۆ نێو شارۆچکەك گواست بوەوە(گۆڵدەرەی،٢٠١٨ /١٢/٢٣)[12]، تەنانەت کاتێك ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانیەکان دەست نیشان دەکران، پێویست بوو ڕەچاوی گوندەکان و هۆزەکان بکرێت، بۆ ئەوەی هیچ گوندو هۆزێك درك بە پەراوێز خستن نەکات(گۆڵدەرەی[13]، ٢٠١٨ /١٢/٢٣). هەموو ئەمانەش پێچەوانەی گەشەکردنی شارستانیەت و پێشکەوتنی ڕۆشنبیرو هونەرن، بۆیە ئەگەر لێکۆڵینەوە لەو قۆناغە مێژوویە بکەین، بەراورد بە چالاکی گەشەکردنی ڕۆشنبیری شارۆچکەکە، ڕەنگە دەرئەنجامێکی ئەرێنی بە دەست بخەین.

جگە لەوەی شارۆچکەی تەق تەق لە ڕووی گرنگیدان بە پەروەردەوە زۆر لاواز بووە و خوێندگا و مامۆستای پێویستی نەبووە، تەنانەت لە سەرەتای نەوەدەکاندا تەنها سێ خوێندنگای سەرەتای و یەك خوێندنگای ناوەندی هەبووە(ئۆمەر، ٢٠١٨/١٢/٢٢)، مامۆستا لە شارەکانی ترەوە بۆ وانە وتنەوە بۆ شارۆچکەکە دەهاتن، ئەگەر ڕۆژێك مامۆستاکان کێشەی گواستنەوەییان هەبوایە، ئەوا دەوامی خوێندنگاکان ڕادەوەستان، بۆ ماوەیەك کەسایەتیەك بە ناوی دکتۆر شەریف قادر شەریف پاسی بۆ هاتوچۆی مامۆستاکان گرتبوو، بۆ ئەوەی دەوامی فەرمی خوێندنگاکان بەردەوام بێت(ئۆمەر، ٢٠١٨/١٢/٢٢).

لە نێو ئەو بارودۆخەدا شارۆچکەی تەق تەق یەکێك لەو شارۆچکانەیە کە جولەی ڕۆشنبیری و هونەری باشی تێدا بووە و هەیە، مێژووی چالاکیە جیاوازەکان لە نێو ئەم شارۆچکەیەدا بۆ هەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەگەرێتەوە، هەرچەندە ئەو سەردەمە شارۆچکەکە بچوك بووە و ژمارەی خانەوادەکان کەم بوون، بەلآم بەشێك لە گوند نشینەکان کە ڕادەی ڕۆشنبیری و هونەرییان باش بووە، کاریگەرییان لە سەر بوژانەوە و پەرە پێدانی هونەر و ڕۆشنبیری شارۆچکەکە هەبووە، حکومەتی عێراقیش بۆ ئەو مەبەستە ڕێگە خۆشکەر بووە، بۆ نمونە لە ساڵی ١٩٧٠ ناوەندی لاوان(مرکز شباب) کراوەتەوە و بەشەکانی هونەر و مۆسیقا و وەرزشی تێدا بووە(قادر، ٢٠٠٧: ٦).

لە ڕووی برەودان بە شانۆگەری و کاری هونەری ترەوە، شارۆچکەی تەق تەق چالاکی پێشکەش کردووە و لە کاروانی ڕۆشنبیری و شارستانیەت دانەبڕاوە، خاوەن بەهرەکان لە هەر بارودۆخێکدا بوین، هەوڵیان داوە تواناکانیان بخەنە گەڕو خزمەت بە شارستانیەت و پێشخستنی هونەر بکەن، بۆنمونە لە ساڵی ١٩٧٢ شانۆگەری دکتۆری نمایش کردووە، کە نامیق محەمەد ڕۆڵی نەخۆشی لە شانۆگەریەکەدا بینیوە و شێروان حەسەن عەلی ڕۆڵی دکتۆری پێدراوە، لە ساڵی ١٩٧٥یشدا، سەرەڕای خراپی باردۆخی باشوری کوردستان و کپکردنەوەی شۆڕشی ئەیلول بە هۆی مۆرکردنی ڕێکەوتنامەی جەزائیر لە نێوان ولآتانی عێراق و ئێران لە ١٩٧٥/٣/٦(کۆچێرا، ٢٠٠٦: ٤١٤-٢١٥) و بێهیوا بوونی گەلی کورد، بەلآم شارۆچکەی تەق تەق شانۆگەری زوحاکی پێشکەش بە دانیشتوانی شارۆچکەکە کردووە، ئەو ئەکتەرانەی کە ڕۆڵیان لەم شانۆگەریەدا گێڕا بوو بریتی بوون، لە عومەر عەلی ڕەزا، قارەمان وەستا عارف، شێروان حەسەن عەلی، عەلی شوکر، کامەران سدیق، قاسم عەبدواللە، ئەم جۆرە چالاکیانە پێش ڕاپەرینی ئازاری ١٩٩١ بە شێوەی پچڕ پچڕ بەردەوامی هەبووە و لە ١٩٨٦یشدا شانۆگەری دکتۆری نیمچە دکتۆر لە نوسینی بلال جەوهەر پێشکەش کراوە(جەوهەر، ٢٠٠٧: ٣).

چالاکی هونەری لە ساڵەکانی ١٩٩١ و ١٩٩٢ لە شارۆچکەی تەق تەق خامۆش بووە، ئەمەش بە هۆی ئەو بارودۆخە ئابوری و سەربازیەوە کە باڵی بە سەر دەڤەرەکەدا کێشا بوو، شارۆچکە تەق تەق ببووە نزیکترین خاڵ لە پێگەکانی حکومەتی عێراقیەوە، ماوە ماوە حکومەت بۆردومانی شارۆچکەی دەکرد، دەنگی بۆمب و تۆپەکانی ڕژێم شەو ڕۆژ دەبیستران، چونکە سەربازگەکان حکومەتی عێراق گومانیان لە هەر جوڵەیەك هەبوو، کە لە ناوچەکە ڕوویدەدا، بارودۆخی ئابورش لەوپەڕی خراپیدا بوو، دانیشتوانی ناوچەکە لە خەمی پەیداکردنی قوتی ڕۆژانەی خانەوادەکانیانەوە بوون(حەسەن، ٢٠١٨/١٢/٣٠)، بۆیە نەدەپەرژانە بەر گرنگیدان بە چالاکیە ڕۆشنبیری و هونەریەکان.

چالاکیە هونەرییەکان لە ١٩٩٣دا گڕوتینی وەرگرتەوە و لە ١٩٩٣/٤/١٦خولی فێربوونی میوزیکی لە شارۆچکەکە کرایەوە و چەندین کەس لە دۆستانی هونەر و مۆسیقا لەم خولەدا بەشدارییان کرد، وەك فەرهاد عبێد محەمەد، حەکیم شەهاب، شۆڕش عومەر، فاخیر بانەگولآنی، عەبدوڵلآ مەجید، ئاسۆ محمد قادر، شوان ئەحمەد، خالید عوبێد، کاوە عەزیز(قادر، ٢٠٠٧: ٦). ئەم خوڵە بووە بنەمایەك بۆ دروست کردن و پێکەوەنانی تیپێکی مۆسیقی لێهاتوو چالاك، ستافی تیپە پێك هاتبوو لە فەرهاد عوبێد سەرۆکی تیپ، فاتیح بێلانی شاعیر جێگری تیپ، فاخیر تالیب بەڕێوبەری هونەری و عەبدوڵلآ مەجید ژمێریار و حەکیم شهاب و ئاسۆ محەمەد قادر ئەندامانی یەدەگ، لە ماوەیەکی کورتدا (١٢) شیعری فاتیح بێلان کران بە گۆرانی، چالاکیەکانی تیپ بۆ ماوەیەك بە هۆی شەری نێوخۆی کوردستانەوە پەکی کەوت، وەکو پێویست کارەکانی بەڕێوە نەدەچوون، تا ساڵی ٢٠٠١ بە گوڕوتێنێکی ترەوە گەڕایەوە بۆ چالاکیەکانی و توانی لە فیستیڤاڵی سەید برایم لە شاری کۆیە لە ٢٠٠١/١٠/٨ پلەی یەکەم بە دەست بهێنن(قادر، ٢٠٠٧: ٦).

هەڵبەتە لە بواری نوسین و ڕۆژنامەگەریشدا ئەم شارۆچکەیە هەنگاوی بەرەو شارستانیەت ناوە و هەوڵی داوە شوێن و پێگەی خۆی لە نێو ڕەوتی ڕۆژنامەگەری و چالاکی ڕۆشنبیری بکاتەوە، هەرچەندە بەشێك لەو نوسین و ماندوبوون و هەولآنە کەم ئەزمون و کەم بڕشت بوون، ئاشنایەتیان بە خوێندنەوەی قوڵ بۆ ڕوداوەکان نەبووە و تا ڕادەیەك مەعریفەی نوسینەکان لاواز بوونە و نەیانتوانیووە ببنە خاوەن میتۆدێکی یەکگرتوو، بۆیە نوسراوەکانی ئەم شارۆچکەیە نەیتوانی سنوری شارۆچکەکە بەزێنێت و ببێتە بابەتێکی کوردستانی و تێکرای شارەکان بە چالاکیە ڕۆشنبیریەکانی ئاشنا بکات،. هەڵبەتە هەوڵەکانی بلآوکراوەکانی شارۆچکەی تەق تەق بەرز هەڵدەسەنگێندرێت، لەو ڕۆژگارەدا بەراورد بەو بارودۆخەی لە دەڤەرەکەدا گوزەری دەکرد کاری گەورەییان ئەنجام داوە، وەك بلاوکراوەکانی چۆلی و هەنگاو(بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٥)، کە چالاکیە ڕۆشنبیری و بەرهەمی نوسەرانی شارۆچکە و کاروکردارو پێشکەوتنە شارستانیەتەکانیان دەگەیاندە خوێنەرانی شارۆچکەکە و وێستگە و دەروازەیەکی گرنگی ڕۆشنبیری شارۆچکەکە بوون، ڕایەڵەکی باشی نێوان ڕۆشنبیران و دەسەلآتی شارەکە بوون(فیزوڵلآ، ٢٠٠٧: ٣٢).

ئەم گروپە ڕۆشنبیرە هەوڵیان دەدا دۆگمای بشکێنن و شرۆڤەی دیاردە کۆمەلآیەتی و سیاسیەکان بکەن، ڕەخنەییان دەگرت و هەوڵیان دەدا بگەن بە کاروانی پێشکەوتنی

ولآتان. ئەمەش کاریگەری ئەرێنی لە سەر بیرو هزری نەوەی نوێ لە شارۆچکەکەدا هەبوو، هەندێ گۆڕانکاری کۆمەڵآیەتی و فەرهەنگی هێنایە ئاراوە و سیماکانی شارستانیەتی درەوشاوەتر کرد.

هەڵبەتە ناکرێت ڕۆڵی پیاوانی ئاینی و خوێندنگا ئاینیەکان لە شارۆچکەکە فەرامۆش بکەین، کە ڕۆڵی بەرچاوییان لە خوێندەوازی و بلآوکردنەوەی زانستی ئاینی و پەروەردەی و ئاکاردا هەبووە، دیارترین ئەو مامۆستایانەش بریتی بون لە مەلا عومەر قەرەناوی، مەلا سدیق گەرمکی، مەلا قادری ڕەش، مەلا ئەحمەدی کۆر(باجەلان، ٢٠١٥: ٢٧-٢٨). لە لایەکی تریشەوە وەرزش لە شارۆچکەکەدا جێگەی بایەخ بووە و لە بەرواری ١٩٩٧/٧/١٣ یانەی وەرزش لە تەق تەق دامەزراوە و لە ساڵی ١٩٩٩ یاریگای وەرزشی بۆ لاوانی شارۆچکەکە دروست کراوە(ڕەمەزان، ٢٠١٥، ٤٧). یانەی وەرزشی تەق تەق توانیویەتی لە تیپی باڵەی کچان لە سەر ئاستی کوردستان دووەم بێت و لە ئاستی کۆیەش یەکەم بێت.

جگە لەوەی چەندە کەسایەتیەك لە تەق تەق ڕۆڵی دیاریان لە برەودان بە گەشەسەندنی زانست و زانیاری و بە شارستانی بوونی شارۆچکەکەدا هەبووە، دیارترین ئەو کەسایەتانەش دکتۆر ڕەئوف عەزیز بووە، کە لە ٢٠٠٢/٨/١٨ بە فەرمانی حکومەتی هەرێم ژمارە ٤٧٧٩/١٦/١ بنکەی خێرخوازی دکتۆر ڕەئوف بە مەبەستی خزمەتی زانستی و پەروەردەی کردۆتەوە(ساڵنامەی دکتۆر ڕەئوف، ژمارە(١)، ٢٠١٥، ٣). ئەم بنکەیە خزمەتی باش لە بواری پەروەردەی خوێندکاران و کردنەوەی خول و خەلآتکردنی خوێندکارە زیرەکەکان کردووە و بەردەوامە لەو جۆرە کارانە. بۆ ماوەیەك پەرتوکخانەی تەق تەقیش کە لە ٢٠٠٢/١٢/٢٩ کرایەوە لە نێو ئەم بنکەیەدا خزمەتەکانییان بە خوێندەوارانی شارۆچکەکە پێشکەش دەکرد، ئەوەی شایەنی باسە ئەم کتێبخانە بە خێرای گەشەی کردوو چەند هێندە زیادی کرد، ئەمەش بە هۆی هاوکاری و هەمە ئاهەنگی ڕۆشنبیرانی شارەکەوە(نەسرەدین، ٢٠٠٥، ٣).

## 5. تەوەرەی چوارەم: ڕۆڵی پارت و ڕێکخراوەکان لە گەشەکردنی شارستانیەتی شارۆچکەی تەق تەقدا

لە دوای ڕاپەڕینی ئازادی ١٩٩١ چەندین پارت ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی بارەگاکانیان لە شارۆچکەی تەق تەق کردەوە، کە بریتی بوون لەمانەی خوارەوە:

1- یەکێتی نیشتمانی کوردستان
2- پارتی دیموکراتی کوردستان
3- پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان
4- حزبی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان
5- حزبی شیوعی کوردستان(چاوشین،١٢/٢٦/ ٢٠١٨).

پاشان هەر بەشێك لەم پارتانە ڕێکخراوی پیشەی تایبەت بە خۆییان دروست کرد، بۆ ئەوەی لە نێو چین توێژەکانی کۆمەڵگادا نوێنەرایەتیان بکەن و پەیام و ڕاسپاردەی پارتەکانیان بگەیێنە نێو جەماوەر و بنە کەناڵی پەیوەندی لە نێوان لە پارت و دانیشتوانی شارەکەدا، هەروەها ئەم ڕێکخراوانە بوونە فاکتەری یارمەتیدەر بۆ هێنانی ڕێکخراوە نێوخۆی و نێودەوڵەتیەکان بۆ خزمەت کردنی شارۆچکە و دروست کردنی بیناو باڵەخانە خزمەتگوزاریەکان و دابین کردنی کەل وپەلی دام و دەزگا خزمەتگوزاریەکان:

دیارترین ئەو ڕێکخراوانەش بریتی بوون لە:

1. کۆمەڵەی خوێندکاران و لاوانی کوردستان.
2. یەکێتی قوتابیانی کوردستان
3. یەکێتی ژنانی کوردستان
4. سەنتەری گەنجان
5. ئازادی لاوانی کوردستان
6. ٦قوتابیانی یەکگرتوو
7. سەندیکای کرێکاران(کانی لەلەپی، ٢٠١٨/١٢/٢٥؛ شریف، ٢٠١٨/١٢/٢٠)[14].

هەرچەندە ئەم ڕێکخراوانە نەبوونە ناوەندی گەورەی گەشەپێدانی شارستانیەت و بە جۆرێکی کاریگەر خۆییان نیشان بدەن و جەمسەرێکی گرنگ لە بوژانە و ڕۆشنگەری بجولێنن، هەروەها لە رووی زانستیەوە لە ئاستێکی بالادا نەبوون(کانی لەلەپی، ٢٠١٨/١٢/٢٥)، چونکە نەیان دەوتوانی لەو بازنەی پارتایەتیە خۆیان دەرباز بکەن کە بۆیان کێشرا بوو، لە کاتێکدا دەستەمۆکردن و کۆنترۆڵ کردنی ڕێکخراوە پیشەییەکان لە لایەن پارتەکانەوە لە کوالیتی و کاریگەریتی ڕێکخراوەکانی کەم دەکردەوە. ئەگەر لێکۆڵینەوەیەك لە ڕژێم و سیستەمی پارتایەتی لەو قۆناغە مێژییەدا بکەین ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە پارتەکان سەرچاوە بڕیارە حکومەتیەکان بوون، تا ڕادەیەك چاودێر و بەرێوەبردنی زۆرینەی کارەکانیان لە ئەستۆ گرتبوو، بۆیە دەتوانین بڵێین پارت و ڕێکخراوەکان بەشدار بوون لەو گەشەسەند و ئاوەدانیەی لە شارۆچکەدا دروست ببون: بۆ نمونە ڕێکخراوی ئازادی و لاوان کە لە ١٩٩٦ بارەگای لە شارۆچکەکە کردۆتەوە تونیویەتی ئینتەرنێت بێنێتە شارۆچکە و نزیکەی ١٣٠٠ گەنج بە ئینتەرنێت ئاشنا بکات، بۆ ئەو سەردەمە کارێکی گەورە بوو، جگە لەوەی لە ڕێگەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانەوە بە بڕی ٧٤٣٥٠ دۆلار کەلو پەلیان بۆ نەخۆشخانەی تەق تەق پەیدا کردووە و چەندین خولی زانستیان کردۆتەوە(شریف، ٢٠١٨/١٢/٢٠؛ بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٧).

ڕێکخراوەکان چەندین کاری تریان ئەنجام داوە کە دیاردەی شارستانیەت و گەشەسەندنی ڕۆشنگەری شارۆچکە بووە وەك:

أ. پێشەنگای وێنەی لە ١٩٩٩/١/٣ لە لایەن کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستانەوە(عەلی، ٢٠٠٠: ٤).

ب. خولی وەرزشی و ئامادە کردنی کۆڕ و سیمینار و خولی بەهێزکردنی وانەکانی خوێندنگاکان و پێشبڕکێی زانستی لە نێوان خوێندنگاکاندا بە مەبەستی پێشخستنی توانا زانستیەکان، چەندین چالاکی ڕۆشنبیری و زانستی لە لایەن کۆمەڵەی خوێندکارانەوە ئەنجام دراوە(مەنتك، ٢٠٠١: ٤).

ئەمانە وەکو نمونەیەك لەو کارانەی ڕێکخراوەکان ئەنجامیان داوە، جگە لەوەی پارتەکانیش بەشدار بووە لەو کۆڕو کۆبونەوە و فیستیڤاڵ و چالاکیە هونەریانەی ئەنجام دراون و ڕۆڵیان تێدا بینیووە و یارمەتیان پێشکەش کردوون.

## 6. دەر ئەنجام

لە نێو ژینگەیەکی کشتوکاڵی کە تێکەڵ بە سیستەمی هۆزگەری و ململانێی چینایەتی و زاڵ بوونی دیاردەی چەکداری و یەکتر نەخوێندنەوەدا، هەوڵی داوە کە تروسکای شارستانیەت لەو پانتاییە کۆمەلایەتیەدا ئاشکرا بکات، ڕەنگە سەخت بێت بۆ توێژەرێك کە کەمترین سەرچاوە و بەڵگەنامەی نوسراو لە بەر دەستا بێت لێکۆڵینەوەیەکی بەهادار پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی بخات و خاڵی بێت لە کەم و کوڕی. بەڵآم هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی سەرەداوی ڕوداوەکان و پیشاندانی سیما شارستانیەتەکان کاری ڕۆژێك و دوان نین، بۆیە دروست کردنی تاوەری

شارستانیەت، کاری زۆری گەرەکە و بەرخودانی دەوێت. بە هەرحاڵ لەم توێژینەوەیەدا تەتەڵەی ڕوداو گەلێکمان کردووە و ئاستنگ و بەربەستەکانیشمان لێکداوەتەوە، بۆ ئەوەی خوێنەر بەراوردێك لە نێوان هەوڵ و هیمەتەکانی گەیشتن بە شارستانیەت و بارودۆخی سەختە ئابوری و سیاسی و سەربازی و کۆمەلآیەتیەکە بکات و نەکەوێتە هەڵەوە.

ئەوەی توێژینەوەکە پێیی گەیشتووە، گەشەسەندنی جۆری شارستانیەت و پێشکەوتن بووە کە لە نێو شارۆچکە تەق تەقدا بەرهەم هاتووە و دیاردەکانی شارستانیەت بە شێوەیەکی ڕوون بەرچاو دەکەون، وەك گواستنەوەی تەق تەق لە گوندێکەوە بۆ شارۆچکەیەك، لە سەربازگەیەکەوە بۆ شارۆچکەیەکی نیمچە مۆدێرن، لە ململانێیی چینەکانەوە بۆ پێکەوە ژیان و یەکتر قبوڵ کردن، لە کۆڵآنی تەسك و ترسکەوە بۆ شەقامی قیرتاو کراو، لە چڵکاوی کۆڵآنەکانەوە بۆ زێرابی سندوقی، لە خانوی گڵەوە بۆ خانوی کۆنکرێتی چەند نهۆمی، لە نەبوونی ئۆتۆمبیل بۆ قەڵەباڵغی شەقامەکان و پەنگانەوەی ئۆتۆمبیل، لە نەبوونی خوێندنگە و نەبوونی مامۆستاوە بۆ گەشەسەندنێکی مەزن لە پێشخستنی پەروەردەو فێرکردن، تەنانەت ئەو ڕۆژگارەی کە ٩٠% مامۆستاکانی لە شارەکانی ترەوە دەهاتن و وانەکانیان دەوتەوە، بەلآم شارۆچکەکە گەیشتە ئاستێك کە دەتوانێت زۆر لە خۆی زیاتر مامۆستاو ئەندازیارو پارێزەرو پزیشك و فەرمانبەر بەرهەم بێنێت.

لە بواری ئابوریێشدا تەق تەق گەشەسەندی زۆری بە خۆیەوە بینیوە توانیویەتی بگاتە ئاستێك گوزەرانی خەڵکە باشتر بێت و بە پێداویستیەکانی ڕۆژگاردا دابین بکات، هەرچەندە خاوەن کێڵگەی نەوت و ژینگەی گەشتیاری گرنگ بووە، بەلآم وەکو پێویست سود لەو بوارانە وەرنەگیراوە.

لە بواری ڕۆشنبیرشدا هەوڵی زۆر دراوە بەلآم ئاکامی ئەوتۆی نەبووە و نەیتوانیووە بەربەستەکان تێپەڕێنێت و بگاتە ئاستە بالآکان و سەرنجی خوێندەوارانی شارە گەورەکان کێش بکەن، ڕەنگە ئەمەش بە هۆی ئەو بارودۆخ و ژینگە کۆمەلایەتی و سیاسیەوە بێت کە دەبوونە لەمپەر لە پێشحستنی بواری ڕۆشنبیری و ڕەوتی شارستانیەتدا.

پارت ڕێکخراوەکان ڕۆڵی ئەرێنیان لە پێشخستن و هەنگاو نان بەرەو شارستانیەتدا هەبووە، دەیان ڕێکخراوی مەدەنی لە سێبەری ئەو پارتانەدا دروست کرابوون، بە مەرامی کۆنترۆڵ کردنی هەست و نەستی دانیشتوانی دەڤەرەکە، بۆ ئەو مەبەستە کاری جۆراو جۆر ئەنجام دەدران وەك خولی فێرکردنی کۆمپیتەر و ئینەرنێت و خولی دورومان و سەرتاشین و خولی وەرزشی و بەهێزکردنی وانەکانی خوێندنگا و... ئەم خولانە ڕۆڵی باشیان لە پەروەردەی نەوەی نوێدا دەبینین بە پێشکەوتنە تەکنەلۆجیەکان ئاشنای دەکردن.

### 7.لیستی سەرچاوەکان

#### 7,1 کتێبە کوردیەکان

باجگر: نەوزاد یەحیا، ٢٠١٨، کۆيي سانجق لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا ١٨٥٢-١٩٢٠،و: ئاشتی ڕەحمان، بەرگی شەشەم، بلآوکراوەی زانکۆی جیهان، خانەی بەڵگەکان، هەولێر.

تەیب: جمال فتح الله، ٢٠٠٨، کۆیە ١٩١٨-١٩٥٨، چ٢، سلێمانی.

جەلال: کامەران کوێخا، ٢٠٠٨، مێژووی کۆنی کەرکوك لە بەر ڕۆشنای دەقەکانی نوزێدا، چاپخانەی خانی، سلێمانی.

سەعید: کامەران تاهیر سعید، ٢٠٠٨، کۆیە، سەنتەری کوردۆلۆجی، سلێمانی.

غفور: عەبدولآ، ٢٠٠٦، جوگرافیای کوردستان، هەولێر.

کۆچێرا: کریس، ٢٠٠٦، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیستەمدا، و: حەمە کەریم عارف، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەلێر.

کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ: ١٩٩٨،جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هولێر.

ئیلنجاغی: ئاراس، ٢٠١٣، ساتوقەلآ هەرێمی ئیدۆ، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

ئیلنجاغی: ئاراس، ٢٠١٤، زێودەر، چاپخانەی یاد، سلێمانی.

#### 7,2 سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی

أولسون: روبرت، ١٩٩١، تاريخ الكفاح القومي الكردي ١٨٨٠-١٩٢٥، دار اراس للطباعة والنشر، دار الفارابي، اربيل.
بابان: جمال، ١٩٨٩، اصول اسماء المدن و المواقيع العراقيه، ج١، بغداد.
البياتي: عبدالرحمن ادريس صالح، ٢٠٠٥، الشيخ محمود الحفيد (البرزنجي، دار الحكمة، لندن.
فيلد هنرى، ٢٠١٢، جنوب كردستان دراسة انثروبوجية، ت: جرجيس فت الله، درا اراس للطباعة والنشر، منشورات الجمل، بيروت.
م.س.لازاريف: ١٩٨١، المسأله الكرديه ١٩١٧-١٩٢٣، ت: عبدى حاجى، دار الفارابى، بيروت.
موريس: رينيه، ٢٠١٢كردستان أو الموت، ترجمة جرجيس فتح الله، دار اراس للطباعة والنشر، منشورات الجمل، اربيل.
هاى: دبليو.ار.هاى، ١٩٧٢، سنتان في كردستان(١٩١٨-١٩٢٠)، ترجمه موسى كاظم نورس، مكتبة جاحظ، بغداد.

#### 7,3 گۆڤارو ڕۆژنامەکان

باجەلان جەمال محەمەد، ٢٠٠٦، گرنگی تەق تەق لە دەڤەرەکەدا، ڕۆژنامەی تاك، ژمارە (٢١)، ساڵی دووەم.

بلآکراوەی تەق تەق، ژمارەی ئەزمونی، ٢٠٠١.

جمال محمد فقێ رسول باجەلان: ڕۆڵی پیاوانی ئاینی، ساڵنامەی دکتۆر ڕەئوف، ژمارە(١)، ٢٠١٥.

ڕۆژنامەی یەکگرتوو، ژمارە (٤٠٨) لە ٢٠٠٢ /١٠/٤.

ڕەمەزان: تاریق سابیر: ٢٠١٥وەرزش لە تەق تەق، ساڵنامەی دکتۆر ڕەئوف.

شارەزا: کریم، ١٩٩٧، لمحة تأريخية كويسنجق و انحائها، مجلة (زاگروس)، العدد (٣) اربيل.

شەرەف: صلاح، ٢٠٠٥، تەق تەق لە شارۆچکەیەکەوە بۆ شارستانیەتێکی نوێ، ڕۆژنامەی تاك، ژمارە(٦)، ساڵی یەکەم.

ع.فەتحوڵلآ: ٢٠٠٥،کێڵگەی پلەوەری تەق تەق، ڕۆژنامەی تاك، ژمارە (٨)، ساڵی یەکەم.

عەلی: سانا، ٢٠٠٠، ساتێك لە گەڵ خوێندکارێکی هونەرمەندا، ڕۆژنامەی گۆڕان، ژمارە (١٩).

فتح الله: جەمال، ٢٠١٥، ساڵنامەی دکتۆر ڕەئوف، ژمارەی ئەزمونی.

فەیزوڵلآ:زەردەشت، ٢٠٠٧، ڕۆشنبیری و مۆدیلی ڕۆشنبیری لە تەق تەق، گۆڤاری ڕاما، ژمارە(٧).

قادر: ئاسۆ محەمەد، ٢٠٠٧، تەق تەق و گەشەکردنی هونەر، ڕۆژنامەی تاك، ژمارە (٢٧)، ساڵی سێیەم.

مەنتك: حەیدەر، ٢٠٠١، تەق تەق و دوو خولی بەهێزکردن، کوردستانی نوێ، ژمارە(٢٤٥٨).

نەسرەدین: کاکەخان، ٢٠٠٥، تەق تەق گەشەکردنێکی بەرچاو لە بواری ڕۆشنبیریدا، ڕۆژنامەی تاك، ژمارە (١)، ساڵی یەکەم.

ئۆمەر: لوقمان وسو، ٢٠٠٥، گرنگە گەشت و گوزار لە کەناری زێي تەق تەق وەك نمونە، بلآکراوەی دکتۆر ڕەئوف، ژمارەی ئەزمونی.

ئیلنجاغ: ئاراس، ٢٠٠١، تەق تەق پێویستی بە خوێندنگای ئێواران هەیە، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ژمارە (٤٦٤).

ئیلنجاغی: ئاراس، ٢٠٠١، ناوە جیاوازەکانی پرۆژەی نەوتی شیواشۆك، ڕۆژنامەی ڕزگاری، ژمارە (١١٥).

ئیلنجاغی: ئاراس، ٢٠٠٥، کلاّوڕێژنەیەك لە مێژووی تەق تەق، ڕۆژنامەی تاك، ژمارە(٢)، سالی یەکەم.

ئیلنجاغی: ئاراس، ٢٠٠٦، پرۆژەی نەوتی تەق تەق، ڕۆژنامەی تاك، ژمارە(١٧) ساڵی دووەم.

ئیلنجاغی: ئاراس، ٢٠٠٦، کێڵگەی نەوتی تەق تەق، ڕۆژنامەی تاك، ژمارە (١٧)، سالی دووەم.

ئیلنجاغی: ئاراس، ٢٠٠٦، پردی تەق تەق، ڕۆژنامەی تاك، ژمارە (١٤) ساڵی دووەم.

ئیلنجاغی: ئاراس، ٢٠٠٩، کۆلآنە نوێیەکانی تەق تەق دەخرێتە بەرنامەوە، ڕۆژنامەی کوردســـتانی نوێ، ژمارە (٤٨٨٨).

ئیلنجاغی: ئاراس، ٢٠٠٩،مزگەوتەکانی تەق تەق، کوردستانی نوێ، ١مارە(٤٨١٢).

یەعقوب: دێدەوان، ٢٠٠٨، جوتیارانی ســـنوری تەق تەق لە پرۆژەی خانوی پلاســـتیك بێ بەشـــن، کوردستانی نوێ، ژمارە(٤٥٩٢).

ئەلخوسرەوی: زەکەریا، ٢٠٠٩، ئامێرەکانی نوسین، گۆڤاری (حوار)، ژمارە(٣٦).

**7،4 ىچاوپێکەوتنەکان**

کانی لەلەیی: چاوپێکەوتن لە گەڵ جومعە محمد نەجم، تەق تەق، ٢٠١٨/١٢/٢٥.

چۆم حەیدەری: چاوپێکەوتن لە گەڵ جەواد فەقێ عەلی، کۆیە، ٢٠١٨/١٢/٣٠.

ئۆمەر: چاوپێکەوتن لە گەڵ عەبدی عەبدولکەریم، شارۆچکەی تەق تەق، ٢٢، ٢٠١٨/١٢.

چاوشین: چاوپێکەوتن لە گەڵ مستەفا محمد نەجم، تەق تەق، ٢٠١٨/١٢/٢٦.

گۆڵدەرەیی: چاوپێکەوتن لە گەڵ هاشم شفیق رشید، کەرکوك، ٢٠١٨/١٢/٢٣.

شەریف: چاوپێکەوتن لە گەڵ هۆگر بەکر، تەق تەق، ٢٠١٨/١٢/٢٠.

**7,5 پێگەی ئەلیکترۆنی**

ڕێکخراوی فاو/ http://www.fao.org/about/how-we-work/ar

هانزفون اشـــبونیك: برنامج النفط مقابل الغذاء بین الفعالیة و التوقعات، 2019/1/2، الموقع اللاکترونی https://www.aljazeera.net/specialfiles/pages/-8-acf4c40-9010-7f4fcf51 992df90370d

1 ساتوقەلآ لە ناوی پادشا ساتۆمەوە هاتووە، کە یەکێك لە فەرمانڕەواکانی لۆلۆییەکان بووە، لە سەدەی حەوتەمی پ.ز ، لەم ناوچە فەرمانڕەوای کردووە (ئیلنجاغی، ٢٠١٣: ١٠؛ ئەلخەسرەوی، ٢٠٠٩: ٢٢).

2 شێخ مەحمودی حەفید کوڕی شێخ سەعیدی بەرزنجیە و لە بنەماڵەیەکی سۆفیگەری قادری پەروەردە کراوە و لە ساڵ ١٨٨١لە دایك بووە، لە ساڵی ١٩١٩ بۆتە مەلیکی کوردستان و فەمانڕەوای بەشێکی کوردستانی باشوری کردووە و شکستی بە بەریتانیەکان هێناوە، لە ساڵی ١٩٥٦ کۆچی دوای کردووە( البیاتی، ٢٠٠٥، ٤٤؛ لازاریف، ١٩٨١: ١٠٦-١٠٧).

3 پردی تەق تەق کە یەکێکە لە دیاردە شارستانیەتەکانی شارۆچکەی تەق تەق لە ساڵی ١٩٥٤ لە لایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی عێراقەوە ڕووپێوی جیۆلۆجی بۆ کراوە، دواتر بە مەبەستی جێبەجێ کردن دراوتە کۆمپانیای بیتۆنی مونیر باوی ئەلمانی، هێرد ویلفکان سەرپەرشتیاری کۆمپانیاکە بووە و مستەر مایگەرد یارمەتی دەری بووە، مستەر سوبەر کە بەریتانی بووە کاروباری پردەکەی لە ئەستۆدا بووە، تێژووی پرۆژەکە ٧٥٠٠٠ هەزار دیناری عێراقی بووە و لە ساڵی ١٩٥٨دا تەواو بووە(ئیلنجاغی، ٢٠٠٦: ٣).

4 عەبدی عەبدولکەریم ئۆمەر لە ساڵی ١٩٧٣ لە گوندی موخەرەسی ناحیەی تەق تەق لە دایك بووە، پەیمانگای بەشی یاسای تەواو کردووە، بۆ ماوەی ١٢ ساڵ نوسەری ناحیەی تەق تەق بووە.

5 هەڵبەتە لە ماوەی توێژینەوەکەمانیشدا کە سالانی ١٩٩١-٢٠٠٣ دەگرێتەوە، هەمان گەرەك بە هەمان ناو هەبوون، بەلآم شارەوانی هیچ ئامارێکی وردی ئەنجام نەداوە تاکو توێژینەوەکەمان پشتی پێ ببەستێت، بۆیە ناچار ئاماری خێزانەکان لە ٢٠١٤ پیشاندراوە(توێژەران).

6 جـومعە محەمەد نەجـیم ناسراو بە جـومعە کانی لەلەیی، لە سـاڵی ١٩٧٠ لە گونـدی کانی لەلە سـەر بە ناحـیەی تەق تەق اە دایـك بـووە، قـۆناغەکانی خوێنـدنی تا ئامـادەی لە تەق تەق تەواو کردووە و پەیمانگای تەکنیکی لە کۆیە تەواو کردووە، جگە لە پیشەی ئەفسەری لە وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بە کاری نوسین و ڕۆژنامەگەریەوە سەرقاڵە.

7 ناسـیح یاسـین ناسراو بە حـاکم ناسـیح لە سـاڵی ١٩٧٩ لە شـارۆچکەی تەق تەق لە دایـك بـووە، قـۆناغە کانی خوێنـدنی تا ئامـادەی لە شـارۆچکەی تەق تەق تەواو کـردووە، کـۆلێژی یاسای لە زانکۆی سلاحەدین تەواو کردووە و ئێستا لێکۆڵەرە لە دادگای بەرای تەتەق و لە شارۆچکەی تەق تەق نیشتەجێیە.

8 ڕێکخـراوی فـاو: ڕێکخـراوێکی نێـو دەوڵەتـیە لە لایەن نەتەوە یەکگرتـوەکانەوە لە سـاڵی ١٩٤٥ لە کەنـدا دامەزراوە، بە مەبەسـتی گرنگیـدان و پێشخسـتن و پارسـتنی بەربەمە کشتوکالیەکان(پێگەی ئەلیکترۆنی http://www.fao.org/about/how-we-work/ar/).

9 جگە لە ڕێکخراوە فاو چەندین ڕچکخراوی تر خزمەتی جیاوازیان بە شارۆچکەکە کردووە وەك:
- چاککردنەوە قوتابخانەی گوندی بۆگد لە لایەن یونیکۆوە لە ساڵی ١٩٩٩.
- دروست کردنی ئامادەی تەق تەق لە لاین ڕێکخراوی یونیسکۆوە لە ساڵی ١٩٩٩
- دروست کردنی قوتابخانەی گوندی سارتك لە لایەن ڕێکخراوی هابیتاتەوە لە ساڵی ٢٠٠١.
- دروست کردنی بەشی ناوخۆی خوێندکاران لە تەق تەق لە لایەن هابیتاتەوە لە ساڵی ٢٠٠١
- قوتابخانەی یەکگرتن لە شارۆچکەی تەق تەق لە فرانس لیبەرتی. چەندان کاری تر بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٢)

10 مسـتەفا محەمەد نەجم، لە سـاڵی ١٩٦٩ لە گونـدی کانی لەلە سـەر بە ناحـیەی تەق تەق لە دایـك بـووە، بـڕوانامەی بکالۆریـۆسی لەمێـژوودی زانکـۆی کـۆیە بە دەسـت هێنـاوە، ڕۆژنامە نوس و نوسەرێکی لێهاتووە ئێستاش لە شارۆچکەی تەق تەق نیشتەجێیە.

11 جـواد فقێ عەلی ناسراو بە دکتـۆر جەواد چـۆم حەیـدەری، لە سـاڵی ١٩٦٠ لە گونـدی داربەڕووله نزیـك کـۆیە لە دایـك بـووە، کولێژی شـەریعەی و ماسـتەر و دکتـۆرای لە زانکـۆی بەغداد تەواو کردووە، ئێستا پرۆفیسۆرە لە زانکۆی کۆیە کار دەکات و هەر لە کۆیەش نیشتەجێیە.

12 هـاشمی شـەفیق ڕەشـید، ناسراو بە هـاشمی مـلا شـەفیق گـۆلدەرە، لە سـاڵی ١٩٧٢ لە گونـدی گۆڵـدەرە لە دایـك بـووە، بەشی کـوردی لە زانکـۆی سـلێمانی تەواو کـردووە، ئێسـتا لە شاری کەرکوك نیشتەجێیە.

13 هـاشمی شـەفیق ڕەشـید، ناسراو بە هـاشمی مـلا شـەفیق گـۆلدەرە، لە سـاڵی ١٩٧٢ لە گونـدی گۆڵـدەرە لە دایـك بـووە، بەشی کـوردی لە زانکـۆی سـلێمانی تەواو کـردووە، ئێسـتا لە شاری کەرکوك نیشتەجێیە.

14 هـۆگر بەکـر شـەریف لە ١٩٧٤/٥/١ لە شـارۆچکەی تەق تەق لە دایـك بـووە و چـالاکوانی بـواری مەدەنی بـووە، ئێسـتا سـەرۆکی ڕێکخـراوی سۆسـیال ئینەرناسـیۆناله و لە شارۆچکەی تەق تەق نیشتەجێیە.